# زێبرا و میتاگێڕانەوە و مەینەتییەکانی نووسین

**هاشم سەڕاج**

**(١ - ٢)**

«زێبرا» ڕۆمانێکی «جەبار جەمال غەریب»ـە، ساڵی ٢٠١٤ چاپ کراوە، دەسپێکی نووسین بە دەنگ و جێناوی کەسی یەکەمی تاک و بە ستایلێکی تایبەتی و شێوەی هێمایینی ئەلیگۆری پێوەندی ئەڤینداری نێوان کچ و کوڕێک دەخاتەڕوو، هێماکان زۆرتر لەنێوان ڕەوشی مەرگدۆستی و ژیاندۆستیدا خولدەخۆن و چیرۆکی یەکەمی زێبرا، لە ڕێگەی ئیماژ و دیمەن و جووڵە و زمانی شیعری بەشێوەیەکی گەرموگوڕ بەردەوام دەبێت و هێماگەلێکی مەرگدۆستی ڕووبەڕووی وەرگر دەبنەوە کە لە حەوشەو بانی مزگەوتێکەوە نما دەکرێن، لەوانە دارەبازە و تابووت...تاد. دواتر گێڕەرەوە بەهۆی گەڕانەوەی بۆ سێنترالیزمی خود و خودگەرایی، پەنا بۆ پراکتیزەکردنی تەکنیکی میتاگێڕانەوە، یان میتادەق، ئەودیوی گێڕانەوە دەبات، پاشان هەوڵ دەدەم لە چەمک و چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەم تەکنیکە هونەرییە بدوێم.

ڕۆمانی زێبرا وەک فەزای هونەری گێڕانەوە. لە حەوت بەش پێکهاتووە، هەر بەشێک لەم بەشانە بەم شێوەیەی خوارەوە ناوونیشانێکی تایبەتی پێ دراوە: ماڵێک لەسەر ئاوازی دڵ، هاوڕێکانم بە دەمی پڕ میزەوە، ئەفسانەی سەرۆک لەناو خڵتەی خەڵکدا، ئوتێلی پێنج قەرسەقولی، وەرزی سوپاو بۆنی ژێر باڵی ژن، لە زیندانەوە بۆ ناو بانیۆ، بەشێک لە ڕستەی ناوونیشانەکان بە ڕیتمێکی ڕۆمانسی نووسراون، بەشێکی تر لە وێنەگەلێکی سوریالی و دادایی دەکەن، ڕەنگە ڕستەشی تێدا بێت گوزارشت لە هزری پووچگەرایی و هیچگەرایی بکات، بەڵام چۆنیەتی گێڕانەوە لە کۆی بەشەکانی دەقی زێبرادا لە ڕووی تێما و ڕیتم و داڕژانی زمانییەوە لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر دەگۆڕدرێت، ئەگەر لە دیدی [لودفیگ ڤینگنشتاین (١٨٨٩-١٩٥١)ی فەیلەسووفی نەمساوی لە چەمکی گێڕانەوە بڕوانین، پێی وایە گێڕانەوە سەرچاوەیەکی هزرییە بۆ بەرهەمهێنانی واتا، چونکە تۆڕی پێوەندیگرتنی واتا لای ڤیتگنشتاین ئاوێتەبوونە و پێکهاتەیەکی خودی هەیە، زمان لای ئەو فیکرە و زمان بەبێ فیکر، بوونی نییە، هەروەها فیکریش بەبێ زمان بوونی نییە، سەبارەت بە بەرانبەرگەرایی پێکهاتەکانی جیهان و پێکهاتەکانی زمان دەڵێ: ناوەکان بەرانبەر بەشتگەلن و هەر ناوێک لەواقیعدا ئاماژە بۆ شتێک دەکات، مەبەستم لە دیاریکردنی بیروبۆچوونی (ڤیتگنشتاین) سەبارەت بە چەمکی زمان و کردەی



**جەبار جەمال غەریب**

گێڕانەوە ئەوەیە ئاخۆ گێڕانەوە و میتاگێڕانەوەکانی دەقی «زێبرا» لە پاشخانێکی هزری و مەعریفییەوە سەرچاوەیان گرتبوو؟ کێشەکە لەوەدایە گێڕەرەوە لە دەسپێکی نووسینەوە وەک خوێنەرێکی وەرگر لە ماڵێکی بەدەنگە دەنگدا، ماڵێک لە رووی پێوەندییەکانی ئەڤین و میهرەبانی و هۆگرییەوە کە لەسەر ئاوازی دڵ رۆنراوە، دووچاری دڵەڕاوکێیەکی مەعریفی هاتووە، دەشێ دڵەڕاوکێی زانین لای گێڕەرەوە بەرانبەر ئەو نیگەرانییە ئۆنتۆلۆجییە بکەوێتەوە کە «هایدگەر» سەبارەت بە «دازاین» بوون لێرەو لەوێ و لە جیهاندا باسی لێوە دەکات، نیگەرانی مەرگ، مرۆڤ بوونەوەرێکی کاتی و مێژووییە و لەگەڵ ئەوی تردا دەژی و بەردەوام بەدەست نیگەرانی مەرگەوە دەناڵێنێت.

لە دەقی زێبرادا هەستی دڵەڕاوکێی مەرگ و هەستی نیگەرانی زانین ئاوێزانی یەکتر دەبن و گێڕەرەوە لەنێو یارییەکی بێهوودەییدا بیرکردنەوە و چالاکیەکانی جێبەجێ دەکات، لێرەدا دەمەوێ لە هەندێ تایبەتمەندی رۆمانی نوێ بدوێم کە لە رۆمانی کلاسیکی جیا دەکرێتەوە، یەکێ لەو تایبەتمەندییە گرنگانە کارلێک و ئاوێتەبوونی پێکهاتەکانی دەق و خوێنەرە، رۆلان بارت ١٩١٥-١٩٨٠، لە نووسینێکدا بەنێوی لە پێکهاتەکانی دەقەوە بۆ ئاوێتەبوونی خوێنەر، بە دووروودرێژی لەم کارلێکە دەدوێت و دواتر [تزڤیتان تۆدۆرۆف- ١٩٣٩] بەردەوامی بە هەنگاوەکانی بارت دەدات، هەروەها جیرار جینێت ١٩٣٠... لە تایبەتمەندییە ئیستێتیکی و رەوانبێژییەکانی پێکهاتەکانی شیعرگەرایی دەق دەکۆڵێتەوە، چۆن پێکهاتە ناوەکییەکانی دەق خوێنەر بەرەو خەیاڵکردن دەبات، واتە خوێنەری بەشدار لە رۆمانی نوێدا دەتوانێت وەک بەرهەمهێنێک واتا و دەلالەتە شاراوەکان بدوێنێت، یان بەشێوازێکی تر، بەپێی قوتابخانەی «کۆنستانس» و تیوری ئیستێتیکای وەرگرتن کە «هانس رۆبێرت یاوس و فولف کانغ ئایزەر) دوو مامۆستای دیاری ئەم قوتابخانەیە بوون. بەرهەمهێنانی واتا و خودی واتا دەکەوێتە خاڵی کارلێک و ئاوێتەبوونی نێوان دەق و وەرگر، هەروەها لای ئایزەر جەمسەری هونەری پەیوەستە بە تێکستەوە، جەمسەری ئیستێتیکی بەخوێنەری وەرگر، یان جیرار جبینێت لە ئەرکی گێڕانەوە دەدوێت، بە تایبەتی لە کاراکردنی خەیاڵکار و وەرگر، چۆن «میتالیبس» لای خەیاڵکار بایەخ بە توخم و لایەنی عەجایبی دەدات، دەشێ خوێنەر و دەق لە چرکەیەکی چاوەڕوان نەکراودا پێوەندی بگرن و ئارەزووی وەرگر رووە و هزر و مانا تەمومژاوی و داخراوەکان بگرێتەوە و لە رێگەی تێگەیشتن و لێکدانەوە، دەق شی بکرێتەوە.

بەم جۆرە خوێنەری وەرگر لە ئەتمۆسفێرێکی مەجازیدا بەهۆی خەیاڵبردنەوە و تێگەیشتن و راڤە بەدوای چێژدا دەگەڕێ و هاوکات واتا بەتێکست دەبەخشێت. «رۆلان بارت» وای دەبینێ کە پاڵەوان لە جیهانێک لە نیشانە دەژی، بە واتای ئەوەی دەبێتە بوونەوەرێک لە کاغەز، مەبەستم ئەوەیە لە ئارەزووی خوێندنەوە بدوێم کە چۆن هانی ئاگایی خوێنەری وەرگر دەدا بە ئاگایی دەق بگات، یان بەریەک بکەون. رەنگە بەشێکی ئەم ئارەزووە پێوەندی بە ئەتمۆسفێری دەقەوە «الفضاء النصي» هەبێت، چونکە فەزای تێکستی شوێنگەلێکی بێ سنوورن و کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئیستێتیکی هەیە و وەرگر هان دەدات لەم شوێنانە هەڵوەستە بکات لە چەمکی زمانی ئایرۆنی و پارادۆکس و بۆشایی نێوان دێڕەکان ورد ببێتەوە و بەپێی ئاستی مەعریفی درز و بۆشاییەکانی دەق پڕ بکاتەوە وەک چۆن «ئینگاردن» و

«ئایزەر» جەختی لەسەر دەکەنەوە.

فەزای دەق لای بیرمەند و ڕەخنەکارانی وەک «جۆن فسنجر» و «جبرار جینێت» «میشال بۆتۆر» سەرجەم لایەنەکانی فۆرم و ناوەوەی دەق دەگرێتەوە، لەوانە دیزاین و قەبارەی کتێب و ڕێکخستنی لاپەڕە و ڕەنگ و بۆشایی و چۆنیەتی دابەشکردنی ناوونیشانەکان و شێوەی چاپەمەنی و هێلکاری و ئەو شوێنە ئیستێتیکی و هەستیارانەی دەبنە خاڵی ژوان و بە یەکگەیشتنی هۆشیاری دانەر و هۆشیاری وەرگر، مەبەست ئەوەیە کە دەق چۆن دەتوانێت لە ڕێگەی پێکهاتەکانی دەرەوە و ناوەوەی حەز و ئارەزوو لای خوێنەر بورووژێنێت و بپەرژێتە سەر کردەی خوێندنەوە و ڕاڤە و دەستەبەرکردنی چێژ، چونکە ئەگەر دەق نەخوێنرێتەوە، ئەوە لە ڕەفەکانی کتێبخانەدا دەمێنێتەوە و تۆزی لێ هەڵدەنیشێت، ڕەنگە بەشێک لەم دیاردە و تایبەتمەندییانەی کە لێرەدا سەبارەت بە کتێب و خوێندنەوە و ڕۆڵی وەرگر، خرانەڕوو ئەدەبی هاوچەرخ و نوێ لە ئەدەبی کلاسیکی جیا بکاتەوە، لەبەر ئەوەی دەق بنیادێکی کراوەیە ڕووە و جیهان، پێکهاتە ناوەکی و دەرەکییەکانی فەزای دەق، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە ورووژاندنی حەز و ئارەزوو و توخمی شیعرگەرایی و هێزی داهێنان و خوێنەر بەرەو خەیاڵبردن و ڕاڤە و بەرهەمهێنانی واتا دەبەن و بەپێی ئاستی لێکدانەوە و باکگراوندی مەعریفی درز و کەلەبەرەکانی دەق پڕ دەکاتەوە، بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی فەزای دەق لە ڕووی پێکهاتەی ناوەکی و دەرەکییەوە لە ڕۆمانی زێبرادا بەدی دەکرێت، بە تایبەتی وێنەی هێمایین و گوزارشت ئامێزی بەرگ و جوانی دەسپێک و ڕێکوپێکی دابەشکردنی ناوونیشانەکان...تاد. هانی خوێنەر دەدەن بە حەز و ئارەزووەوە تێکەڵ بە جیهانی گێڕانەوەکانی دەق ببێت و چێژ لە ئەتمۆسفێری نووسین وەربگرێ و بەدوای واتا نەگوتراو و دواخراوەکاندا بگەڕێت و لە هەندێ شوێنیش بەشداری لە دواندنی دەلالەتەکان بکات.

دەقی زێبرا لە دەسپێکی نووسینەوەدا ئاماژە بۆ مەینەتییەکانی کردەی خوێندنەوە و نووسین دەکات، مەینەتی خوێنەرێکی نووسەر، یان نووسەرێکی خوێنەر، بە تایبەتی لەسەردەمی ئێستای تێکەڵبوونی کولتوورەکان و هێدی هێدی لەدەستدان و نەمانی نرخ و بەهای گێڕانەوە گەورەکان و گۆڕانی ستایل و مۆدی ژیان، نەخاسمە لەلای نەوەی نوێ، هەروەها گۆڕانی سەرچاوەکانی خوێندنەوە، هەموومان دەزانین نەوەی نوێ ئەوەندەی بایەخ بە ئینتەرنێت و نووسین و خوێندنەوەی ئەلیکترۆنی دەدات، نیو ئەوەندە بایەخ بە کتێب نادات، ئەمەیش بەرەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگایە کە کاریگەری بەسەر سەرجەم پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکاندا هەیە، هەڵبەتە ئەم گۆڕانکارییانە وایان لە نەوەی نوێ کردووە خۆی لە فەزا و پێوەندییەکی مۆدێرندا بدۆزێتەوە و هەڵوەدای چێژی تێپەڕ و جوانی جەستە بێت، کە زۆرتر پێوەندی بە ڕیتمی سەردەمەوە هەیە، حەز ناکەم بە درێژی لەم بابەتە بدوێم، بەڵام ئەمە گێڕەرەوەی دەقی زێبرایە، لە ماڵێکی بەدەنگە دەنگدا ئاماژە بۆ کوڕ و کچەکانی دەکا کە چەنێ لە کتێب و کتێبخانە و خوێندنەوەی کتێب بێزارن، یان جیهانی نووسین چۆن سەرجەم ئەندامی خێزانەکەی لە ڕووی ئابووری و داراییەوە دووچاری نەهامەتی کردووە، بەڵام گێڕەرەوە وەک خوێنەرێکی نووسەر بەشێوەیەک شەیدای خوێندنەوە و نووسینە، هەر چۆنێ بێت هەوڵ دەدا لەم ماڵەدا گۆشەیەکی هێمن و ئارام دەستەبەر بکات و بەردەوامی بە عیشقی خوێندنەوە و نووسین و فەزامەجازییەکەی بدات، گێڕەرەوە سەرقاڵی خوێندنەوەی ڕۆمانێکە پاڵەوانە عاشقەکەی لە بانی مزگەوتێک لە پەنای لقوپۆپی دارتووێکەوە دڵداری لەگەڵ کچێکدا دەکات و بڕێ جاریش لەنێو تابووتێکدا ڕادەکشێت و زۆرجار هەوڵ دەدرێ تابووتەکە بزماڕڕێژ بکرێت.

من وەک وەرگرێک ڕەنگە لە ڕووی عیشق و تراژیدیا و ئەتمۆسفێرەوە ڕۆمانی «دۆزەخ»ی «هنری باربۆس»م بیر بکەوێتەوە- گێڕەرەوە لە ماڵەکەدا هەوڵ دەدا شوێنێک بدۆزێتەوە و بە ئاسوودەیی بگەڕێتەوە سەر خوێندنەوە و بچێتەوە لای پاڵەوانە عاشق و سەرگەردانەکەی- بۆ ئەوەی خۆی بشارێتەوە دەچێتە نێو تابووتێکەوە و شەو بە دزییەوە دێتەوە دەرێ و بە دارتووی ناو باخی مزگەوتەکەدا هەڵدەگەڕێت و دەچێتە سەربان و لەوێ خۆشەویستەکەی دەبینێت، بەڵام چەند کەسێک دەگەنە

ئەو شوێنە و دەیانەوێ سەری تابووتەکە بە بزمار داکوتن، گێڕەرەوە خوێنەرێکی نیگەرانە و بەردەوام لەگەڵ هەڵسوکەوتی پاڵەوانە عاشقەکەیدا دەژی و زۆرجار هەڵدەچێ، یان لەبەر خۆیەوە دەدوێت و ڕستێک ڕستەی وڕێنەئامێز فڕێ دەدات، هاوکات چەند هێمایەکی باو ڕووبەڕووی وەرگر دەبێتەوە، لەوانە تابووت= مەرگ= عیشق= ژیاندۆستی، گێڕەرەوە بەردەوام لەگەڵ چرکەکانی کوڕەی عاشقدا دەژیت و لە دەرفەتێک دەگەڕێت بپەرژێتە سەر خوێندنەوە، کەچی منداڵەکانی سەرکۆنەی دەکەن و کچە گەورەکەی، کچە بچووکەکەی، کوڕە گەورەکەی، یەکێ پاڵتۆکەی سپی بۆتەوە، یەکێ پێڵاوەکانی قاچی خواردوون، ئەوی تری حەز دەکات ئۆتۆمۆبیلێکی جوانی هەبێت، ئەمیش خولیای خوێندنەوە و تامەزرۆی کتێبە، گێڕەرەوە کۆمەڵێک ڕستەی ڕەخنەئامێز ئاراستەی کۆمەڵگا و کەسەکانی دەوروبەری دەکات، تەنانەت هاوڕێ پەرلەمانتارەکەش لە مەینەتی و پەژارەکەی ناگات گێڕەرەوە کەسێکی خودگەرایە و حەزی لە خوێندنەوەی کتێب و گۆشەگیرییە، کەچی سەردان و هاموشۆی خزم و ناسیاوەکان ئارامی لێ تێکدەدەن، دەق بە زمانێکی ئایدۆنی و تەنزئامێز لە ڕەفتاری میوانەکان دەدوێت، بۆ نموونە سالە برزووی مێردی خوشکی گێڕەرەوە، یان زاوا سمێڵ بابڕە بنکڕخۆرەکە و قرچاندنی ڕۆن و پیاز و دەنگی تەلەڤزیۆن و دەنگی زیقنی گۆرانیبێژەکان و قرتاندنی گوڵەبەڕۆژە، جا وەرە لەم ئاژاوەیەدا گۆشەیەکی ئارام بۆ خوێندنەوە دابین بکە و چرکەکانی کوڕە عاشقەکەش گەمارۆی زەینت بدەن، گێڕەرەوە کەسێکی نیگەرانە و حەزی لە خوێندنەوەیە و جارجارە خۆی لە میوانەکان دەدزێتەوە و خەریکی کتێبەکە دەبێت و کاتێ بانگی دەکەنەوە بە گەڵایەکی وشکەوە بووی زەرد، لاپەڕەکە نیشان دەکات، هەمدیسان دەگەڕێتەوە لای میوانەکان، لێرەدا ڕەگەزی دیالۆگ بە ستایلێکی تەنزئامێز خۆی دەسەپێنێتە سەر کردەی نووسین، دیالۆگێک لەنێوان گێڕەرەوە و خوشک و کچە خوشک و زاوا زێڕین و یۆرانیۆم و بنکڕخۆرەکە، [ئەو کچەی خوشکم ئەو قسەیەی لە کوێ بیستبوو، بریا قسەکە هەروا بایە، لەنێوان فەیلەسووف و شێتدا کەرێک هەبا] ، ئەمە ئاماژەی یەکەمە بۆ لێکدانەوەی دەلالەت و واتای «زێبرا» کە ناوونیشانی ڕۆمانەکەیە، یان بەشێوازێکی تر زێبراکان هەمیشە گاڵتەیان بە ڕستەی بیرمەندەکان دێت، چونکە بیرناکەنەوە و حەزیان بە تێڕامان و لێکدانەوە نییە، دەکرێ بڵێین زێبراکان زۆرتر لە پاسەوان و دۆگماکان دەکەن، کە بە چاوێکی پیاهەڵدان و پیرۆزگەرا لە دەقە دێرینەکان دەڕوانن و توانایی ڕاڤەکردن و هەڵوەشاندنەوەی دەقەکانیان لێ بەدی ناکرێت، چونکە زێبراکان، یان پاسەوانەکان، زۆرتر هەڵوەدای هەڵەوەڕی و دروشمپەرستین و بەناوهێنانی بیرمەندە تەئویلییەکان قەڵس و بۆڕۆ دەبن.

دەقی زێبرا بەدیدێکی ڕەخنەگرانە لە هەڵسوکەوتی تاک و توێژەکانی نێو کۆمەڵگا دەڕوانێت، ئەوانەی دەوریان لە تابووتەکە دەدا وردە وردە زیاتر دەبوون، لەنێو ئەوانەدا مەلایەکی گەنج ڕیشێکی سێگۆشەی هێشتۆتەوە و لەوە دەچوو بە مۆدێل جلی مەلایەتی لەبەر کردبێت و جەستە قەڵەو و نەرم و شلەکەی زۆر لە پیاوە دوودەکییەکان دەچوو، ئەوانەی کۆمەڵێک لووسکەیان بە دەورەوەیە، دەق بە کورتی لە سیفات و ڕەفتاری دوودەکییەکان دەدوێت، چۆن دوکانی پایسیکل و ماتۆڕ چاککردنەوە



دادەنێن، یان لە سینەماکان دەبنە بلیت فرۆش، ئێستا دەیانەوێ تابووتەکە بزمار ڕێژ بکەن، مەبەستی دەق ئەوەیە کە دیاردەی هاوڕەگەزبازی لەنێو هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگادا هەیە، بەڵام ئەڤین و ئەڤینداری لە کەشێکی ئاوادا خۆی لە خۆیدا خەمین و نیهێلستییە، مزگەوت و تابووت و دارەبازە، سەرچڵییەکانی کوڕەی عاشق لە ڕێگەی گێڕانەوەوە بەردەوامیی پێ دەدرێت، لە هەمان کاتدا بە واتایەکی نەگوتراو پێمان دەڵێت کە مەلای ناوبراو یەکێکە لە بزمار کوتەکان و سەر بە بزاڤێکی ئیسلامی سیاسییە، کەچی گێڕەرەوە وەک خوێنەرێکی نووسەر لەو ئاژاوە و جەنجاڵییەی سەردانی میوانە یەک لەدوای یەکەکاندا بەردەوام فیکری لای ڕۆمانەکەیە و هەوڵ دەدات کونجێکی ئارام بدۆزێتەوە و بەردەوامی کردەی خوێندنەوە بدات و لەگەڵ پاڵەوانە عاشقەکەیدا بژیت، ئەم جارە ناسیاوە ئاوارەکانی لە هەندەرانەوە دێن و سەردانی دەکەن، گێڕەرەوە هەم نوقم و نغرۆی ڕووداو و ئەتمۆسفێری ڕۆمانەکەی بەردەستییەتی کە بەدوای هەڵێکدا دەگەڕێت تا بەکۆتاییەکەی بگات، هەم بەسەرهات و پێوەندییەکانی ژینگە و دەوروبەری خۆی دەگێڕێتەوە، ئەمەیش زەمینە خۆشکەرێکە بۆ سەرهەڵدان و بەرجەستەکردنی ئەتۆسفێرێکی فەنتازی و کاردانەوە و پێچەوانەکردنەوەی ڕووداوەکان کە زۆرتر خۆی لە بنیاد و تەکنیکی میتاگێڕانەوە، یان میتادەقدا دەدۆزێتەوە و سیناریۆیەک دەخوڵقێنێت پابەندی بنیادی ئەودیو گێڕانەوە بێ و تێیدا بە تەواوی گوزارشت لە مەینەتییەکانی کردەی خوێندنەوە و نووسین دەگرێت.

لێرەدا پێم باشە وێناکردنی [پۆل ڕیکۆر ١٩١٥-٢٠٠٥] لە بارەی گێڕانەوە و مومارەسەی گێڕانەوەگەرایی بخەمەڕوو، لای ڕیکۆر [گێڕانەوە و گێڕانەوەگەرایی پێوەندی بە شوناس و زەمان و خودی ئەوی ترەوە هەیە]، چونکە ژیان وەک دیاردەیەکی بایۆلۆجی دەبینێت، بۆیە گێڕەرەوە بەردەوام ڕوو لە ڕووداو و دیاردەکان و جیهانی شتگەل و بوارەکانی هۆشمەندی مرۆیی دەکات و لە ڕێگەی هۆگری و ئولفەت پێوەگرتنەوە ئاوڕ لە شتەکان دەداتەوە و هەوڵ دەدات لە واقیع بکۆڵێتەوە و تێی بگات و واتا و دەلالەتی نوێی پێ ببەخشێت، دەتوانم بڵێم گێڕەرەوە لە ڕووی هۆشمەندی و شیکارییەوە، فینۆمینۆلۆجییەکی هێرمنیۆتیکییە، چونکە لە دەسپێکی نووسینەوەدا هەوڵ دەدات دەرکەوتنی گرتە و دیمەنەکان بەشێوازێکی سینەمایی بخاتە بەر دیدی وەرگر و هاوکات بە دڵەڕاوکێیەکی بوونگەرایی شیکارییان بکات، ئاخر گێڕەرەوە لە دەقی زێبرادا کەسایەتییەکی خودگەرایە و حەزی بە خوێندنەوە و گۆشەگیرییە، بڕوانە کاتێ میوانە هەندەران نشینەکانی بەرەو بازاڕی شار دەبات، تەنانەت بەشێوازی پێکەنینی ژنە بیانییەکەی کە لەگەڵیاندا هاتووە، قەڵس دەبێت، کەوایە ئەوە خودی بیرکردنەوەیە کە مرۆڤەکان لە زێبراکان جیا دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی زێبرا لە ڕووی شێوەی دەرەکی و ڕەنگ و پێکهاتەوە خاوەن جوانییەکی تایبەتە، ئەم لێچواندنە شێوەییە، دواتر و کاتێ گێڕەرەوە، یان دانەری سیناریۆی سەرۆک کە زیندانی دەکرێت، بیجامەیەکی شینی خەتخەتی لەبەردایە و هەست دەکا چەنێ لە زێبرا دەکا.

من لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم بە تێزێکی فینۆمینۆلۆجی «هۆسرڵ»ی، پاشان فینۆمینۆلۆجی و هێرمنیۆتیکییەکی بوونگەرایی هایدگەری لە تێکستی زێبرا بڕوانم، مەبەستم لە چۆنیەتی دەرکەوتنی «فینۆمینە»یە بۆ ئاسۆی هۆشمەندیم، بە تایبەتی لە سیستمی زماندا، چونکە هایدگەر ئەم تێزەی هۆسرڵی لە خانەی دیاردەوە گواستەوە بۆ خانەی گەڕان بە دوای واتای بوون، یان بە شێوازێکی «سۆسیر»ی زمان لە چرکەیەکدا چییە و بۆ هۆشمەندی من چۆن خۆی دەردەخات، هەوڵ دەدەم زۆرتر وەک وەرگرێک چێژ لە دیمەن و گرتە سینەماییەکان وەرگرم و هەست دەکەم دەقی زێبرا لە دەسپێکی نووسینەوە مەرگی کوڕە عاشقە ڕەنگ زەردەکەی ڕاگەیاندووە، پاشان دەق چۆن لە ڕێگەی خەیاڵ و کاردانەوە و پێچەوانەکردنەوەی ڕووداوەکانەوە بەرەو تەکنیک و بنیادێکی میتاگێڕانەوە، یان میتادەق دەبردرێت، ئەی ئەو ڕەوشە نیهێلستییە چییە؟ لەگەڵ دەرکەوتنی پیرەمێردە ئیفلیج و پەککەوتەکەی سەر عەرەبانەکە بوونی خۆی دەسەپێنێتە سەر ئەتمۆسفێری دەق، دەشێ ئەم پیرەمێردە باوکی کچەی عاشق بێت، کە ئێستا لەسەر عەرەبانەیەک دانیشتووە و بەخۆی دادەکا و کچەش دەیگۆڕێ و پاکی دەکاتەوە، ئەم دیمەنە قێزەونەی

مرۆڤ کە حەقیقەتێکی بەڵگەنەویستە، گوزارشتە لە بێ بنەڕەتی بوونی مرۆڤ کە هایدگەر لە دەسپێکی «بوون و کات»دا جەختی لەسەر دەکات، کەواتە مرۆڤ بوونەوەرێکی نیگەران و کاتی و مێژوویی و لەنێوچووە، ئەمانە وەک پێشمەرجییەکانی بوون، ئەی کاتێ بەهۆی نەخۆشییە ڤیزەونییەکانی جوانترین جەستە دەردەکەون، لە هەمان کاتدا مرۆڤ سویێکتێکی بەش بەش و تەڵەزم تەڵەزمبووی غافڵگیری بێ عارە و هەر چۆنێ بێت بەردەوامی بە ڕەوتی ژیان دەدات.

دەقی زێبرا ئاماژە بۆ پاککردنەوەی ماڵەکە دەکا، لەگەڵ ڕۆیشتنی میوانەکان و نزیکبوونەوەی جەژنی قوربان، کچەکان دەستدەکەن بە خاوێنکردنەوەی ماڵەکە، کچە گەورەکەی بە گەسکی کارەبایی و تەشتێک لە کەفاو و شامپۆ و زاهی دەست بە شووشتن و سڕینەوەی دەرگا و پەنجەرە و دارو دیوار دەکات- [بە پەڕۆی گەورە گەورە کە لە ماکسی کۆنی دایکی کردبوونەوە..].. [من دڵم، دڵە بەتاڵ و دەرزی ئاژن کراوەکەم، لەناو ئەو ماکسییە کودەرییە کۆنانەدا بوو، شل و نەرم و سفت] لەم بەشەدا ڕەگەزی وەسفگەرایی بە ستایلێکی کورتبڕ و بەهێز و ورد و ئولفەت پێوە گرتنەوەیەکی [گاستۆن باشلار ١٨٨٤-١٩٦٢»]ی لە شوێن و شتگەلەکان دەڕوانێت، ئاخر ئەم پارچە کودەرییە نەرم و شلە، ڕۆژێ لە ڕۆژان ماکسی هاوسەرەکەی بووە و ڕەنگە ئێستاش بۆنی جەستەی ئەوی لێ بێت، بوون چەنێ پووچە!؟ نیگاکە چۆن بۆتە پارچە پەڕۆی شت سڕینەوە و بۆ پاککردنەوەی دەرگا و پەنجەرەکان بەکاردەبرێت، ئەی چرکەکانی هۆگری و ئولفەت پێوە گرتن و عەتری جەستە و چێژ و خۆشی چرکەساتە ئیرۆتیکییەکان بۆ کوێ چوون؟ کەواتە هەموو شتێ لە «جیهانی ژیان»دا ڕەوتەنی و ڕاگوزەر و تێپەڕە، بە بوونی مرۆڤیشەوە.

عەتر و نەرم و شلی پەڕۆ و کودەرییەکان لە ئەتمۆسفێری دەقدا، بە شێوازێکی شیعرگەرایی تێمایەکی قووڵی بوونگەرایی دەورووژێنێت، چەمکی بوون لێرەدا لە جیهانی ژیان لە چرکە کورتەکانی چێژ و سات و مەودا درێژخایەنەکانی تراژیدیا دەچێت.

گێڕەرەوە، یان دانەری دەقی دووەم، بەدوای گۆشەیەک و دەرفەتێکدا دەگەڕێت بگەڕێتەوە لای ڕۆمانەکە و لەگەڵ ڕووداو و پاڵەوانەکەیدا بژیت، ئەو پاڵەوانەی دەقی یەکەم ناڕاستەوخۆ و بەشێوازێکی مەجازی، بانگەشەی مەرگی بۆ کردووە، کەچی هێرشی پیاوانی جەژن دەرفەت نادەن، ئەو هەموو سەردان و جەژنە پیرۆزەیە، بە کۆمەڵ دێن و بە کۆمەڵ دەڕۆن و ڕەوشی خودگەرایی و ئارامی دەروونی دەشێوێنن، ئەو خوێنەرێکی نووسەرە، یان نووسەرێکی خوێنەر.

کچەکان بە بیانووی خاوێنکردنەوەی ماڵ تەواوی کتێبەکان لە پەنجەرەوە فڕێ دەدەنە دەرەوە، ژوورەکە پڕ دەکەن لە کەفاوی زاهی و شامپۆ- دەقی زێبرا لە ڕێگەی سەرچاوەکانی نێو کتێبخانەکەوە باکگراوندی مەعریفی گێڕەرەوە دەخاتە ڕوو، سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانی گێڕەرەوە، یان کتێبەکانی نێو کتێبخانە تایبەتییەکەی گێڕەرەوە- بریتین لە:

چیرۆکەکانی سەمەدی بێهرەنگی، دیوانی نالی، ڕۆمانی براکوژی کازانتزاکی، تاوان و سزای دەستۆیڤسکی، «دۆن کیشۆت»ی سێرڤانتس، شەڕ و ئاشتی تۆلستۆی، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دیوانی مەحوی، فەرهەنگی ئۆکس فۆرد، کتێبەکانی بێرناردشۆ، بیرەوەرییەکانی چەرچڵ، زەردەشتی نیتشە، تابلۆکانی ڤانکوخ، کتێبی بایەزیدی بەستامی، ڕشتەی مرواری سەجادی، تاعوونی کافکا، شانۆنامە و ڕۆمانەکانی هەریەک لە شەکسپیر، جۆیس، بیکێت، جاک لەندەن، ستاندال، برۆنتی، دیوانەکانی بێکەس و گۆران...تاد.

دەشێ شووشتن و پاککردنەوەی ژوورەکەی گێڕەرەوە بە دەسپێکی چیرۆکی دووەم دابنرێت، چیرۆکێک بە تەکنیکی میتا، یان ئەودیو گێڕانەوەوە لە مەینەتییەکانی خوێندنەوە و نووسین دەدوێت و توندوتیژی و نادادپەروەری دەوروبەر و واقیع بەشێوازێکی فەنتازی دەخرێتە ڕوو، فەنتازیایەکی تایبەتی و پەیوەست بە بوونی شتگەل و بوونەوەرە جۆراوجۆرەکان و دوور لە ستایلی «ڕیالیزمی سیحری» وەرگر لەنێوان واقیع و خەیاڵدا هەست بە خولخواردنەوەیەک دەکات، دەوروبەر، یان ئەوی دی نەک هەر ئارامی و ئاسوودەیی لێ تێکدەدا، بەڵکو بە مرۆڤێکی بێ کەڵک و بێ دەسەڵات لە قەڵەم دەدرێت، ئەوەتا هاوسەرەکەی هاوار دەکات و دەڵێ «لەشەرمی بێکەڵکی و بێ دەسەڵاتی خۆی

هەمیشە خۆی لەناو ئەو کتێبە زەرد و بۆر و شڕانەدا شاردووەتەوە» دەقی زێبرا وێڕای ئەوەی سوبێکت و بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانیان بە شێوازێکی سایکۆلۆژی شی دەکاتەوە، هاوکات تێیدا جەخت لەسەر ژینگە و دەوروبەر، یان کۆمەڵگایەکی بەرخۆری دەکرێت کە تێیدا پێداویستییەکانی مرۆڤ تا دێ گۆڕانکارییان بەسەردا دادێت و مۆد و وێنە و کۆمۆنیکاسۆن و دروستبوونی پێوەندیگەلی خێرا و بەرژەوەندی تایبەتی و جوانی شێوە، سەرتاسەری کۆمەڵگای داپۆشیوە، بە تایبەتی سەبارەت بە نەوەی نوێ، ئەوەندەی خۆی لەنێو گەمەی نیشانەکان و چێژی سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکاندا دەدۆزێتەوە، نیو ئەوەندە خۆشی لە خوێندنەوەی کتێب نابینێت، پاشان پرسی نووسین لە خۆرهەڵاتی ناویندا دیار و ئاشکرایە، کەم نووسەر هەیە بتوانێت لە ڕێگەی نووسینەوە بژێوی خێزانەکەی دابین بکات، وێڕای هاوسۆزی نووسەر لەگەڵ جیهانی کتێب و حاڵەتە تاکەکەسی و تایبەتی و وڕێنەئامێزەکانی.

من پێم وایە نووسەری ڕاستەقینە زۆرجار بێ ئاگا لەوەی کە هەڵسوکەوت و ڕەفتار و جووڵەکانی لەناخودئاگاوە سەرچاوە دەگرن و بەردەوام نوقم و نغرۆی جیهانێکی جوانی مەجازییە و چێژ و خۆشییەکانی لەم ئەتمۆسفێرەدا دەدۆزێتەوە، بۆیە لە دەقی زێبرادا سەرجەم ئەندامەکانی ماڵباتی گێڕەرەوە بە کوڕ و کچ و هاوسەرەکەیەوە دژایەتی دنیای نووسین دەکەن و گەرەکیانە کتێبخانە تایبەتییەکەی گێڕەرەوە لەنێو ماڵەکەدا بوونی نەمێنێت، لە هەمان کاتدا گێڕەرەوە لە ناخڕا نائومێدییەک دایدەگرێت و هەست دەکات کتێبخانە و ژوورەکەی بۆنی مردووی ڕزیویان لێ دێت، بۆنی کەلاک، ئاخر لەم ماڵەدا کەس سڵاو لە کتێبەکان ناکات و کەس کتێبێک ناکاتەوە، دەق زۆرجار بە زمانێکی ئایرۆنی و پارادۆکسئامێزی پڕاوپڕ لە تەوس و تانە و توانج و گەپ و گۆڵمەز و تەنز و جنێو ڕووبەڕووی ئەم واقیعە تاڵە دەبێتەوە، دەنگێک دەڵێ: «ئێمەی بۆ خەم و خەفەت خستەوە» خەیاڵ دەیباو پێشهاتی پیلانەکەی کردەوە، کردەی نووسین بە ئیماژ و کۆمەڵێک گرتە و دیمەنی فەنتازی لە چارەنووسی کتێبخانە و کتێبەکان دەدوێت! ڕیشە درێژەکەی تۆلستۆی دەگرن و «شەڕ و ئاشتی» دەخەنە بەر دوشی حەمام، «تاوان و سزا»ی دەستۆیڤسکی بە سیم و بڕبەند دەکرێن، «براکوژی» کازانتزاکی دەخەنە سەتڵێک کەفاوی موعجیزەوە، دۆن کیشۆتەکەی سێرڤانتس بۆ ناو ئاودەست، گێڕەرەوە بوونەوەرێکی نیگەرانی گومانکارە، بیر لە کتێبخانەکەی دەکاتەوە، نازانێ کتێبەکە چی تێدا مردووە، نە پاڵەوانی هەیە و نە کوڕە عاشق، ئەی ئەوانە بۆ دەست بە لووتیانەوە دەگرن، دەڵێن ساڵەکان تێیدا بۆگەنیان کردووە، جەژن بۆ ئەو بۆتە پرسەی کتێبەکان، سەرجەم ئەندامەکانی خێزان ڕقیان لە بۆنی کاغەز و کتێب و تەختەی کتێبخانەکەیە.

تا دێ بۆنی ڕزینی تەرم و بۆگەنی کتێبەکان و کتێبخانەکە تەشەنە دەکات و دەق بڵاوبوونەوەی بۆگەنییەکە بە پەتای تاعوونەکەی کامو دەچوێنێت، لێرە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، نەک هەر هزر و بیرکردنەوە، هەموو شتێک بۆگەن دەکات، چونکە ژیان لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکاندا قەتیس دەکرێت و بەها مرۆییەکان بوونیان نامێنێت، ئینجا گێڕەرەوە چی بکات تا بتوانێت کتێبخانەی لە چنگی ئەم ئاژاوە و جەنجاڵییە ڕزگار بکات، ژوورەکە دادەخاو کلیلەکە دەخاتە گیرفانی و دەڵێ: کارێکم بۆ هاتۆتە پێش، ژیانی هەمووتان دەگۆڕێت، ئاخر سەرجەم ئەندامانی خێزانەکە بەدەست نەفرەتی کتێب و خوێندنەوەوە دەناڵێنن، حەزدەکەن چەشنی خێزان و خانەوادەکانی تر بە خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی بژین، ئەگەر لە ڕوانگەی بوونگەرایییەوە سەیری کردەی نووسین بکەین، بە ڕوانینی «هایدگەر»ی بوونی ڕەسەن لە بوونی ناڕەسەن جیا بکەینەوە. بوونی ڕەسەن خۆی بیردەکاتەوە و بڕیار و هەڵبژاردنەکانی دیاری دەکات و بوار بە کەسی تر نادات بوونی داگیر بکات و لە شوێنی ئەو بیربکاتەوە، لەم ئاژاوە و جەنجاڵییەی نەگوتراو هەیە، ناڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی وەرگر دەبێتەوە، واتا نەگوتراوە کە زۆرتر لە هۆگری و هاوسۆزی بۆ کتێب و بیرکردنەوە و خوێندنەوە سەرچاوەی گرتووە، جەخت لەسەر کردەی نووسین دەکات، نووسین لای «هایدگەر» جۆرێکە لە بیرکردنەوە، ئەم دەربڕینەش خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بۆ زمان، مەبەستم ئەوەیە نووسەری جیددی لە

ژیانی ڕۆژانەیدا کاتێکی زۆر بۆ خوێندنەوە و بیرکردنەوە و تێڕامان تەرخان دەکات و بەردەوام لە فەزایەکی مەجازی و خەیاڵیدا دەژیت و زۆرجار فیکری دەڕوات، یان شێوەی چڕ و چاوێکی گەمژە و بیر تەسک و دووفاقی ئازارێکی دەروونی پێ دەبەخشێت، چونکە نووسەری هەستیار و جیددی وەک فووکۆ و چەندان بیرمەندی تر جەختی لەسەر دەکەن. جۆرێک لە شێتێتی شاراوەی تێدایە، یان بە شێوەیەکی تر کردەی داهێنان ڕەگەزی شێتێتی خاڵی نییە، ڕەنگە ئەم هۆکارانە و چەندان هۆکاری تریش لە ژیانی نووسەردا دەرهەق بە هاوسەر و فرزەندەکانی جۆرێک لە فەرامۆشی بخولقێنن، بە تایبەتی لە ڕووی هاوسۆزییەوە، بۆیە زۆر نووسەری داهێنەر هەن بە سەڵتی ژیاون و هاوسەرگیرییان نەکردووە و سەراپای ژیانیان بۆ داهێنان تەرخان کردووە و هەوڵیان داوە هەستە ئیستێتیکی و تراژیدییەکان بنووسنەوە و چێژ لە کردەی خوێندنەوە وەرگرن و واتای بوون شی بکەنەوە، لەبەر ئەوەی نووسەری جیددی بوونەوەرێکی ئاسایی نییە، هەمیشە حەزی بە گۆشەگیری و تەنیایی و تەریکییە. بۆ نموونە نووسین لای «جۆرج باتای» شەبەقی و ئیرۆتیکی و دژە ئیتیک و سۆفیزمە و لای هەندێ نووسەری وەک مارکیز دی ساد و جان جێنێ و بۆدلێر دەگاتە پێگەی شێتێتی باڵا، باتای لە ترسی شێتێتی دەینووسی و سوریالییەکان بە بیرمەندێکی نەفرەت لێکراو و دوژمنی خەیاڵ ناویان دەبرد.

دەکرێ لێرەدا بۆچوونی قووڵی دەیان داهێنەر لەمەڕ کردەی نووسین بخەینەڕوو، مەبەستم ئەوەیە گێڕانەوەکانی «زێبرا» پێمان دەڵێن نووسین کردەیەکی باو و ئاسایی نییە، جۆرێکە لەبیرکردنەی قووڵ، دژ بە ترادیسیۆن و ئیتیکی جێگیر، خولقاندنی کۆمەڵێک بەهای نوێی مۆراڵییە. ئەگەر بۆ هەمان بابەتی پێشوو بگەڕێمەوە، دەتوانم بڵێم ئەگەر بێتو کچ و کوڕی خاوەن توانایی و هەڵکەوتوو لەسەر بنەمای عیشق و ئاستی مەعریفی هاوسەرگیری بکەن، ڕەنگە بەم شێوەیە کێشە و سەرزەنشتکاری لێ نەکەوێتەوە.

لە دەقی زێبرادا کردەی گێڕانەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی پلان و پرۆژەی سیناریۆ و فیلمسازییەکە گۆڕانکاری بەسەردادێت، گێڕەرەوە بە هەمان ڕەوتی کەسی یەکەمی تاک تاک دەدوێت، بەڵام ستایلی دەربڕین و گەیاندنی چەمک و واتای ڕووداوەکان خەسڵەتێکی ڕوون و ڕاستەوخۆتر لە خۆ دەگرن و زیاتر لە شێوازی گێڕانەوەی پۆست مۆدێرنە نزیک دەکەوێتەوە، چونکە ئەگەر ئەدەبیاتی مۆدێرن بە گومانێکی ئەپستمۆلۆجی لەسەر ئاستی دنیابینی بەدوای ڕاستی و حەقیقەتدا گەڕا بێت، ئەوە ئەدەبیاتی پۆست مۆدێرن لە بواری گێڕانەوە و دنیاییدا بە فۆرم و تەکنیک و نووسین و تێماگەلێکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ پرسە جۆراوجۆرەکان دەکات، وەک «ولیم غانس» و چەندان بیرمەند و ڕەخنەکار کۆکن لەسەر ئەوەی کە سروشتی گێڕانەوەی پۆست مۆدێرن بە ئیشکالێکی ئۆنتۆلۆجی لە پرسەکان دەڕوانێت و لەسەر ئاستی دنیابینیش بڕوای بە ڕاستی و حەقیقەت نییە و لەم جیهانە بێهوودە و خاڵی لە قووڵی و دەلالەتەدا، نکوڵی لە بوونی مانا دەکات، ئەدەبیاتی پۆست مۆدێرن لە ڕووی گێڕانەوەوە پێی وایە جیهان بۆ سەر چەند تیشکۆیەکی پەرشوبڵاو بەش بەش و تەڵەزم و تەڵەزمی نا پەیوەست بەیەک دابەش کراوە، هیچ شتێ بۆ خودی نووسەر، یان هونەرمەند نەماوەتەوە، جگە لەو چرکەساتەی کە مامەڵە لەگەڵ پرسەکان دەکات، ئەم چرکە هەنووکەییەش کردەی گێڕانەوە و سوبێکتی دانەر لە بواری نووسیندا بەرەو زمانێکی ئایرۆنی و پارادۆکس و گەمە و تەوس و هاودژی و تەنز و بەکاربردنی تەکنیکەکانی بواری سینەما لە ڕۆمان و گێڕانەوەدا دەبات.

ئەگەر بە وردی لە کۆی بەشەکانی دەقی زێبرا وردبینەوە لە ڕووی تەکنیک و ماناوە، کۆمەڵێک خەسڵەتی پۆست مۆدێرنەی تێدا دەدۆزینەوە، وێڕای بەکاربردنی میتاگێڕانەوە و پراکتیزەکردنی هەندێ لە بنەماکانی «هایپەرتێکست» کە دواتر لەم دوو بابەتە دەدوێم، دەکرێ بەم پارچە شیعرە گوزارشت لە کردەی گێڕانەوە بکەم.

ئیتر دەقی زێبرا چەشنی دەقێکی کارلێک و میتاگێڕانەوە، گێڕەرەوە لەگەڵ ڕاگەیاندنی پلان و پرۆژە تۆمارییەکەی هەوڵ دەدا چیرۆک لەنێوچیرۆک، یان سیناریۆ لەنێو چیرۆکدا بنووسێتەوە و دەقی پەیوەست بخاتە بەردید و دیدەی وەرگرەوە، لەگەڵ کۆمپانیایەکی

فیلمسازی جیهانی سەر بەهۆلیوود گرێبەستێک واژۆ دەکات بۆ نووسینەوەی ژیانی سەرکردەیەکی ئەم ولاتە تا بکرێت بە «فیلم»، سەرکردەیەک لە ئەشکەوتەوە دەهێنێتە نێو شار، لەلایەکی دیکە دەکرێ بلێیم رۆمانی زێبرا، لە کردەی نووسیندا سوودی لە هەندێ تەکنیکی «هایپەرتێکست» وەرگرتووە، راستە هایپەرتێکست، یان دەقی پەیوەست، پێوەندی بە نووسینی ئەلکیترۆنی و دیجیتالییەوە هەیە و زنجیرەیەک لە دەقی زۆر و زەوەند و تێکئالاو و پەیوەست بەیەکەوە، یان تۆڕێکی ئاوێتەیە لە کۆمەڵێک تێکست، رێچکەی جۆراوجۆر بۆ خوێنەر ئاوەڵا دەکات، خوێنەر بۆی هەیە بەوپەڕی ئازادییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئازادە لەوەی لە کوێوە دەست پێ دەکات، جگە لەوە دەتوانێت چێژ لە دەنگ و رەنگ و فۆرم و وێنەش وەربگرێت، دکتۆر «سعید یقطین» زۆر بە وردی لە هایپەرتێکست دەدوێت و رەگی وشەی «هایپەر» بۆ یۆنان دەگەڕێنێتەوە بەواتای ئەودیوی شت دێت، یان بە شێوازێکی تر ئاماژەیە بۆ بوونی شتێکی تری شاراوە لە پشت هەر شتێکی دیاردا، تایبەتمەندییە گرنگەکانی هایپەرتێکست زیاتر لە کارلێک و پەیوەستبوون و ئاوێتەبووندایە، رەگەز و بنیاد و بنەماکانی هایپەرتێکست لە بواری نووسینی هێلی، یان کاغەزیدا سوودیان لێ وەرگیراوە، رەخنەکارانی عەرەب، بە تایبەتی «سعید یقطین» ئاماژە بۆ دەقی «هەزار و یەک شەوە» دەکات کە خوێنەر دەتوانێت هەرچۆنێک کتێبەکە بکاتەوە، دەست بە خوێندنەوەی بکات و بیرمەندانی ئەوروپاییش ئاماژە بۆ چەندان رۆمانی کاغەزی دەکەن کە بە تەکنیکی هایپەرتێکست نووسراون، بۆیە دەقی زێبرا لە رووی پەیوەستبوونی و بە یەکداچوون و ئاوێتەبوونی چیرۆکەکانەوە، دەکەوێتە هەمان خانەی سوود وەرگرتن لە تەکنیکەکانی هایپەرتێکستەوە، هەروەها «حسام الخطیب» «دەقی کراوە»، لای رۆلان بارت و فرەدەنگی لای میخائیل باختین و ئازادی مامەڵە کردن لەگەڵ دەق لای فووکۆ... لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی هایپەرتێکست نزیک دەکاتەوە، هاوکات «سعید یقطین» پێی وایە چەمکی هایپەرتێکست زۆر لە چەمکی «دەقئاوێزان» جیا نییە کە جیرار جینێت لە بارەیەوە دواوە، لای (یقطین) دەقئاوێزان گوزارشت لە پەیوەستبوونی دەق دەکات بە دەقگەلێکی ترەوە کە بە زۆری دەقگەلێکی زمانین، کەچی هایپەرتێکست لەگەڵ دەقی نازمانیشدا ئەم پەیوەسبوونە دروست دەکات، وەک دەنگ و وێنە لە هەمان کاتدا «سعید یقطین» لە بواری رۆمانی هاوچەرخدا چەند نموونەیەک دەخاتە روو کە بە رێچکە و شێوازی هایپەرتێکست نووسراون لەگەڵ ئەوەی ئەزموونی هێلی و کاغەزین، لەوانە رۆمانی «سیحری رەش»ی «حمدی الجزار» کە لە سی و شەش دەروازە پێکهاتووە و خوێنەر بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی لە هەر دەروازەیەک لەم دەروازانە روو لە جیهانی رۆمانەکە بکا، بەلام «یقطین» رەگوریشەی دێرینی ئەم ژانر و تەکنیکە بۆ حیکایەتە پەیوەست و بەیەکداچووەکانی هەزار و یەک شەوە دەگەڕێنێتەوە، هەروەها «ئاندراس کابنیوس»ی رەخنەکار ئاماژە بۆ کتێبێکی «رایمۆند کوینۆ» دەکات بەناوونیشانی «سەد هەزار ملیار سونێتە» کە چل سۆناتا لەخۆ دەگرێت و بە تەکنیکی هایپەرتێکست Hyper-text– نووسراوە و خوێنەر بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی دێڕەکان بخوێنێتەوە و تێکستی خۆی بنووسێتەوە، مەبەست لەم دەقانە ئازادی بەخشینە بە وەرگر، کە بە ئارەزووی خۆی دەتوانێت تێکست هەڵبوەشێنێتەوە و بەدوای دەلالەتە شاراوەکاندا بگەڕێت، یان وەک دەقەکەی «رایموند کوینتو» دوو کۆتایی جیاواز دەخاتە بەر دیدەی خوێنەر و خۆی سەرپشک و ئازادە لە هەڵبژاردندا.

دەقی زێبرا سەرەڕای سوودوەرگرتنی لە بنەماکانی کارلێک و ئاوێتەبوون و پەیوەستی زنجیرەیی هایپەرتێکست، لە هەمان کاتدا لە بواری تێما و ناوەرۆکدا بە شێوازێکی ئاماژەیی رووی لە «دەقئاوێزان» کردووە، من پێم وایە لەم سەرزەمینە فراوانەدا دەقی بێگەرد و پالاوتە و پەتی بوونی نییە، هەر دەقێک هەڵگری توخمگەلێکی دەقی پێش خۆیەتی، ئەمەیش زۆرجار لە رێگەی کارلێک و ئاوێتەبوون و ناخود ئاگاوە دێتە نێو دەق و بە شێوەی ئاماژە و ئیماژ و پرشنگ دەردەکەوێت.

زێبرا لەگەڵ پراکتیزەکردنی تەکنیکی میتاگێڕنەوە و سەرقاڵبوونی بە رەشنووسی سیناریۆی ژیانی سەرۆک، چەند ئاماژەیەکی «دەقئاوێزان»ی رووبەرووی وەرگر

دەکاتەوە، بە تایبەتی دوای دەستاودەستکردنی ڕەشنووسەکە و گەیشتنی بە ئوتێلەکە، دەشێ بە ئوتێلی سالووک و گومڕا و بێلانەکان ناوی بەرین، نموونە و پێکهاتەی توێژێکی کۆمەڵگان و ئوتێلێکە چەندان حەشیشەکێش و سۆزانی و لووسکە و هاوڕەگەزبازی تێدا نیشتەجێیە، خاوەنەکەشی هەمان مەیلی هەیە، بەڵام با بزانین بۆ دەقی زێبرا لەگەڵ گەیشتنی گێڕەرەوە، یان نووسەری سیناریۆی فیلمی سەرۆک بۆ ئوتێلەکە، ئاماژەیەکی خێرا و تەمومژاوی بۆ «سۆنیا»ی کچە کارەکتەری ڕۆمانی «تاوان و سزا»ی دەستۆیڤسکی دەکرێت- کە پاڵەوانی ڕۆمانەکە «ڕاسکۆلینکوف»ـەو سۆنیای کچی «مار میلادۆڤ»ی هەمیشە سەرخۆش و بەدمەست تەمەنی هەژدە ساڵە و کچێکی بێ گوناه و پاک، لەپێناو دابینکردنی بژێوی برا بچووکەکانی و باوکی و زڕدایکەکەی کە تووشی نەخۆشی سیل هاتووە، کاری لەشفرۆشی دەکات، ئەم دیمەنە لە زەین و خەیاڵی وەرگردا تەنیا لە ڕێگەی ئاماژەیەکەوە دروست دەبێت، ئەگەرنا لە دەقی زێبرادا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باس لە کەسایەتی و هەڵسوکەوتی «سۆنیا» ناکرێت، ئاماژەکە لەگەڵ گەڕانەوە و پراکتیزەکردنی تەکنیکی میتاگێڕانەوە دروست دەبێت و دانەری ڕەشنووسی سیناریۆکەی سەرۆک لەوێ لە ئوتێلەکە چاوی بە کچەی عاشق دەکەوێت، ئەو کچەی دڵداری لەگەڵ کوڕە عاشقەکەی بانی مزگەوتەکە دەکرد و جار جارە لە تابووتەکەدا ڕادەکێشا و خەڵکەکەی دەوروبەری هەوڵی بزمارڕێژکردنی تابووتەکەیان دەدا، کچەی عاشق لەپێناو دابینکردنی بژێوی خانەوادەکەی و باوکە پیرەمێردە ئیفلیجەکەی سەر عەرەبانە لە ئوتێلی گومڕاو سالووکەکاندا کاری سێکسفرۆشی، یان لەشفرۆشی دەکرد، گرتەی دیمەنی پیاوە ئیفلیجەکەی سەر عەرەبانە کە بەشێوازێکی سینەمایی دەخرێتە بەر دیدەی وەرگر کە گوزارشتە لە پووچێتی و تراژیدیای بوون، ئیفلیجێک لەسەر عەرەبانەیەکەو بەخۆی دادەکا و کچە بچووکەکەی پاکی دەکاتەوە و دەیگۆڕێ و خزمەتی دەکات.

دەقی زێبرا لە ڕووی دەقئاوێزانەوە وێڕای ئەم ئاماژە قووڵە، چەندان ئاماژەی تریشی تێدا دەردەکەوێت کە بە شێوازێکی برووسکەیی کاری لەسەر کراوە، لەوانە ئاماژە بۆ دەقی «هەزار و یەک شەوە» و گێڕانەوەکانی شەهرەزاد بۆ شا شەهرەیار دەدرێت لە بارەی ڕوانینی ئەو منداڵەی لە جەنگەڵ ژیاوە و دێ و هاوار دەکات و دەڵێ «سەرۆک ڕووتە» هاوکات ئاماژەیەکی تر بۆ «داستانی گلگامێش» و خمبابای پاسەوانی دارستانەکە دەدرێت، خمبابا ئەژدەهایە و دواتر لەلایەن گلگامێش و ئەنکیدۆوە دەکوژرێت، دەقی زێبرا لە بەشەکانی پێشوودا لە ڕووی دەقئاوێزان و ئاماژەوە، چەمک و واتای پەتای تاعوونی کامو، تێکەڵ بە بڵاوبوونەوەی بۆنی گەنیوی ناخی مرۆڤ دەکات، ئەوە بۆنی داڕزیوی ڕەفەی کتێبخانەکە و کتێبە دێرینەکان نییە کە بڵاودەبێتەوە، بەڵکو بۆنی گەنیوی ناخ و بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە.

بۆیە دەتوانم بڵێم ڕۆمانی زێبرا لە ڕووی بنیاد و تەکنیکییەوە دەقێکی میتاگێڕانەوەیی و هایپەر تێکستییەوە و وەک هزر و ناوەرۆکیش لێوانلێوە لە پڕشنگگەلێکی بوونگەرایی، گێڕەرەوە، یان نووسەری سیناریۆکە جانتایەکی سووک و سۆڵی بە شانەوەیە و دەگەڕێ و مێژووی ژیانی سەرۆک دەنووسێتەوە، ڕوو لە چایخانەیەک دەکات و لەوێ هاوڕێ کۆنەکەی سەردەمی زانکۆی بەرچاو دەکەوێت «حەمەی پەپوولە» کە لەلایەن ڕژێمەوە گیراوە و ئەشکەنجە دراوە و حەمە ئێستا لەنێوان سەرحاڵی و شێتێتیدا دەخولێتەوە، دانەر لە ڕێگەی حەمەوە ڕوو لە ئوتێلەکە دەکات، کەشی ئوتێلەکە خۆی لەخۆیدا چیرۆکێکە پەیوەست و ئاوێتە و کارلێک بە چیرۆکەکانی پێشوو، خوێنەر دەتوانێت بە هەستێکی بوونگەرایی نوقم و نغرۆی کەشی ئوتێلەکە بێت و دنیابینی کۆی نووسینی ڕۆمانەکە بدۆزێتەوە، چونکە بە تەکنیک و بنیادی میتاگێڕانەوە و هایپەرتێکست و تێزی پۆست مۆدێرنە نووسراوە و تێیدا گوزارشت لە تراژیدیا و ئەفسانەکانی مۆدێرنە کراوە، ئەو ئەفسانە و گێڕانەوە گەورانەی کە لە وەهمەوە سەرچاوە دەگرن و جوانییەکانی ژیان لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکدا قەتیس دەکەن، هێدی هێدی بوغز و کینە و دووبەرەکی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا بڵاودەکەنەوە، ژوورە تاریک و نسرم و قووڵەکانی ئوتێلەکە کە پڕن لەو مرۆڤە خڵتانەی خێزانەکانیان فڕێیان داونەتە دەرێ، ژوورە بنمیچ نەوی و تاریکەکەی-- ڕاسکۆلینکوف-مان

بیردەخاتەوە، نووسین لەم ڕۆمانەدا لەسەر شێمانە و ئەگەرەکان کار دەکات کە لەلایەن دەسەلاتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاوە کپ کراون، ئازادی تاک و بیرکردنەوەی سەربەست لە مرۆڤەکان سەندراونەتەوە، دانەر کە بەجانتای لاشانییەوە لە ماڵەکەی دەردەچێت، لە ڕووی نائارامی دەروونی و گوزەرانەوە لەگەڵ دەرکراوەکانی نێو ئوتێلەکە فەرقی نییە، دەیەوێ لە ڕێگەی نووسینەوە بۆ خێزان و ماڵباتەکەی خۆشگوزەرانییەک بێنێتە کایەوە و ئاستی بژێویبیان بەرز بکاتەوە، گێرەرەوە بەردەوام لەگەڵ خەیاڵ و دنیای مەجازی نووسینەکەیدا دەژیت و هەوڵ دەدات لە دەفتەرە شینەکەیدا کە دەسنووس و ڕەشنووسی سیناریۆکەی فیلمی سەرۆکی تێدا تۆمار دەکات، ڕستە و ڕووداوی تری بخاتە سەر، لە ئوتێلەکەدا کچە سۆزانییەکە لێ ناگەڕێت کەس بەبێ کۆندۆم سەرجێی لەگەڵدا بکات و هونەرمەندە پیرەکە و حەمەی پەپوولە حەزیان بە چەلەحانێ و شیعر خوێندنەوە و گەنگەشەیە، پاشان بۆ درەیەکی بۆروتۆزێک سپی دەردەهێنن و بە نەشئەو ئیشتیهاوە بۆنی دەکەن و دەیکێشن و بە سۆز و عەتف و نەشئەوە دەست بە سەروملی یەکتردا دەهێنن، دانەر دەرفەتەکە بە هەل دەزانێت و دەفتەرە شینەکەی دەردەهێنێت و دەیەوێ دەستەواژەیەکی تر بۆ مێژووی ژیانی سەرۆک زیاد بکات کاتێ سەری هەڵدەبڕێ، خۆیشی نازانێ بۆ هاتووەتە ئوتێلی گومڕا و سەر لێشێواوەکان، ئوتێلی خڵتەکانی شار، ئەگەر حەمەی پەپوولە سەرشێت نەبوایە، چی ئەوی دەگەیاندە ئێرە و دەستی دەکردە نووسینەوەی ژیان و یادەوەرییەکانی سەرۆک، ترپاک کێشەکان لە ئوتێلەکەدا چەشنی پاشا نازدار و بێ خەم دەستیان هاوێشتووەتە سەر سنگی یەکتر و نووستوون، دەق زۆر بە وردی لە کەش و دیمەن و هەڵسوکەوتی حەشیشە کێشەکان دەدوێت و بە شێوازێکی سایکۆلۆژی کەسایەتی یەکە یەکەی سەرنشینانی ئوتێلەکەشی دەکاتەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە کەسایەتی خاوەن ئوتێلەکە، دەق بەشێوەیەکی نەگوتراو دەڵێ: دەشێ مەی و حەشیش لە خۆرهەڵاتی ناویندا باشترین ئامرازی ئارامی بەخشن و مرۆڤ لە مەینەتیەکانی جەنگ و ئایدیۆلۆژیا دوور بخەنەوە، ئوتێلی لانەواز و گومڕاکان لە دەقی زێبرادا، جیهانێکی ئاڵۆز و تایبەتە، دەشێ تەکنیکەکانی میتاگێڕانەوە و هایپەرتێکست زۆرتر لەو شوێنەدا چڕکرابنەوە و خوێنەر دەتوانێت ئەودیوی ڕووداوەکان بخوێنێتەوە و دەلالەتی نوێ و واتای شاراوە بدۆزێتەوە.

کردەی نووسین لە ئوتێلی گومڕاو لانەوازەکاندا هەندێ لایەنی تێما و گرێچنەی گێڕانەوەکان ڕوون دەکاتەوە و لێرە لەم ئوتێلەدا زمانی نووسین بە تەواوی مۆرکی جوێن لە خۆدەگرێت، کۆمەڵێک ڕستەی جوێنئامێز تێکەڵ بەدیالۆگەکان دەکرێن، کابرای سمێڵ تاشراو، گەوادی فەرمی ئوتێلەکەیە، کچێکی منداڵکاری ڕەنگزەردی سۆزانی بە سیناریۆنووسەکە دەناسێنێت، تا شەو لەگەڵی ڕابوێرێت، ئەم کچە سۆزانییە هەمان کچە عاشقەکەیە کە نەیتوانیوە بگاتە بانی مزگەوتەکە و خۆی بگەیەنێتە لای کوڕەی عاشقی نێو تابووتەکە، هاوکات ئەم کچە منداڵکارە لە چەندان ڕووەوە لە سۆنیای کچی مارمیلادۆڤ دەکات، کە ئێستا لە ئوتێلی گومڕاکاندا کاری لەشفرۆشی دەکات، سیناریۆنووسیش کەسێکی یاخی و سەرکێشە، شەو لەگەڵ کچە منداڵکارەکە لەسەر شۆستەکان خەو دەیباتەوە.

دەق لە چەندان ڕەهەندەوە لە مەینەتی مرۆڤەکان دەدوێت، کچە دەیباتە ماڵی خۆی پیرەمێردێکی ڕیش چەرموو، ڕیشەکەی کەوتۆتە نێو کۆشی بەسەر عەرەبانەیەکەوەیە، ئەوە دیسان میزت بەخۆتدا کردووە، کچەکە هەوڵی دا دەرپێ سپییەکەی پیاوە ئیفلیجەکەی سەر عەرەبانەکە دابکەنێ، مەسینەیەک دێنێت و گەڵ و گون و قوونی دەشوات و بۆنی گەندوگوو ژوورەکە دادەگرێت و سیناریۆنووس هێلنجی دێتێ، ئەم دیمەنە ئەلیگۆرییە، پێمان دەڵێت مرۆڤ بوونەوەرێکی هیچە کاتێ لە پێ دەکەوێ و دەبێتە نەخۆشی سەر جێگا، سەرجەم دزێوی و قێزەونییەکانی جەستە دەردەکەون، دەق تا دێ کۆمەڵێک بابەتی بوونگەرایی دەورووژێنێت، سیناریۆنووس بەردەوامە دێڕ دێڕ دەفتەرە شینەکەی سیناریۆی فیلمی ژیانی سەرۆک دەوڵەمەند

دەکات و هەوڵ دەدات ڕەهەندە شاراوەکان بخاتە ڕوو و سەرۆک لە ئەشکەوتەکە بێنێتە دەرەوە و خەڵک لە کەشێکی فەنتازیدا پێشوازی لێ بکەن، لێرەدا خەیاڵ تێکەڵ بە هزر و بیرکردنەوە دەبێت و خۆشحاڵە بەوەی کچێکی منداڵکارەی لە چنگی ئەو هەموو گومڕاو خوێڕی و ناکەسبەچەیە ڕزگار کردووە و جانتاکەشی لە ئوتێلەکە جێ هێشتووە، دەشێ ئەم دیالۆگەی نێوان کچەکە و سیناریۆنووس مەینەتی و نەهامەتی چۆنیەتی ژیانی خێزانەکە بخاتەڕوو.

- تۆ لێرە بە، من دەچم جانتاکەت بۆ دێنمەوە.

- نەکەی، تۆ نەچیتەوە ئەو ئوتێلە، هەموویان هەر هەموویان گومڕا و ناکەسبەچە و خوێڕین.

- کە نەچمەوە، تۆ چیم بۆ دەکەی؟

دەقی زێبرا، لە بەشەکانی پێشووی نووسینەوەدا دووچاری کاردانەوە و پێچەوانە کردنەوەی چیرۆکی یەکەم دێت، ئەمەیش لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی تەکنیک و بنیادی میتاگێڕانەوەوە، تێیدا هۆشیاری خودی، یان سوبێکت، بە تەواوی لەنێوان حەقیقەت و خەیاڵدا خول دەخوات، لێرە حەقیقەت نمایندەیەکی مێژووییە و لە جەستەی ئەوەوە هەڵدەقوولێت، کەچی خەیاڵ لە ڕێگەی دیالۆگ و خولقاندنی جۆرێک لە فەنتازیا هەوڵ دەدات ڕاستییەکان بدۆزێتەوە و هاوکات میتاگێڕانەوە لە پانتایی و ئەتمۆسفێری ڕۆماندا هانی وەرگر دەدا بەشداری لە پرس و ڕووداوەکان بکات، میتاگێڕانەوە جۆرێک لە نووسینی گێڕانەوەگەرییە و هەڵگری خەسڵەتی کاردانەوە و پێچەوانەکردنەوەیە و دەق لە ڕێگەی هۆشمەندی خودی و خەیاڵکردنەوەوە ئاستەنگەکانی نێوان واقیع و خەیاڵ تێک دەشکێنێت، یان جۆرێک لە خەیاڵکردنە لە سەرووی خەیاڵکردنی ئەسڵیدا، چونکە میتاگێڕانەوە کە «ولیام نحاس» جەختی لەسەر دەکات، ڕۆمانێکە خاوەن خولیای پێچەوانەکردنەوەی خودی، ململانێیەکە دەکەوێتە نێوان سوژە و ئۆبژەوە، بۆیە میتاگێڕانەوە بە کۆمەڵێک تەکنیکی تایبەتی و ڕەگەزی خەیاڵکردن و کاردانەوەی خودی ڕۆمانی ئەزموونگەری و پۆست مۆدێرن لە ڕۆمانی کلاسیکی و تەقلیدی جیادەکاتەوە، دکتۆر «سعید یقطین» لە لێکۆڵینەوەیەکدا لە بارەی ڕۆمانی نوێی مەغریبی لە گوتاری ڕۆمانەکاندا بەدوای میتادەقدا دەگەڕێت، بیرمەندەکانی بواری ئەدەب پێیان وایە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی میتاگێڕانەوە بریتین لە خەیاڵکردن و پێچەوانەکاری و چەقگیری خودی و گێڕانەوەی نێرگزی «خودئەڤینی» ئەم سیفات و بنەمایانە زۆرتر لە چیرۆکی میتاگێڕانەوە ئامێزی نوێ و هاوچەرخدا بەدی دەکرێن، کە تێیدا هەوڵ دەدرێت دەقێکی گێڕانەوەگەرایی پۆلیفۆنی بخولقێنرێت و بە تێز و بنەما جیاواز و تایبەتییەکانی، ڕۆمانی ڕیالیزمی بەرەو ئەزموونگەرایی مۆدێرن و پۆست مۆدێرن تێبپەڕێنرێت و وەرگر لە ڕێگەی خەیاڵ و خەیاڵگەرییەوە بەشداری لە بنیادنانی زمانی گێڕانەوەدا بکات و بە بۆچوون و دنیابینی ڕەخنەکارانە تێکەڵ بە دەق و جیهانی گێڕانەوە بێت، هەروەها نووسەرانی شەپۆلی ڕۆمانی نوێ بایەخ و گرنگیان بە تەکنیک و ڕەگەزی میتاگێڕانەوە داوە، بە تایبەتی کلۆدسیمۆن و ئالان ڕۆب گرێ و جان ڕیکاردۆ، مارگرێت دۆراس و میشێل بۆتۆر، ئەم ڕۆماننووسانە بە توێژینەوە بنیادگەرییە شێوەگەرییەکان و لێکۆڵینەوە سیمیۆلۆجی و ڕەوانبێژییەکان کاریگەربوون، میتادەق وەک پراکتیزەکردنی جێناوەکان لە کردەی گێڕانەوەدا زۆرتر بە زمانی کەسی یەکەمی تاک ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، هەندێ جاریش جێناوی کەسی سێیەمی پێوار «غایب» بەکار دەهێنێت، زۆرجاریش لە گێڕانەوەدا ستایلی ئازادی پۆست مۆدێرن پراکتیزە دەکات و کۆمەڵێک درز و بۆشایی بۆ پڕکردنەوەی وەرگر جێ دەهێڵێت، زۆرجار میتاگێڕانەوە جۆرێک لە فەنتازیای ئاسایی بەرهەم دەهێنێت، چەشنی ئەو فەنتازیایەی لە فەزای دەقی زێبرادا بەرهەم هاتووە، فازڵ سامر لە توێژینەوەیەکی درێژدا بەنێوی «میتاگێڕانەوە، پۆست مۆدێرن» کە لە گۆڤاری «ئەلکوفە- ژمارە-٢- ساڵی ٢٠١٣. بڵاوبووەتەوە، من لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە سوودم لێ بینیوە، بە وردی لە شێوەگەلی بنیادنانی میتاکان دەدوێت، لەوانە میتاگێڕانەوە، یان میتادەق، میتازمان و میتاشیعر..تاد، بە نواندن و جۆراوجۆرکاری پۆست مۆدێرن لە قەڵەمیان دەدات، لای فازڵ سامر میتا خولیایەکی خۆ دەربازکردنە لە کۆتوبەند و یاسا و ڕێسا

و دابونەریت و چەقگەراییە ئوسوولییەکان کە لە نووسینی نوێدا ئەنجام دەدرێت، پێی وایە میتاگێڕانەوە لە جەوهەردا هۆشمەندییەکی خودییەو مەبەستی نووسینی چیرۆک و ڕۆمانە کە خۆی لە کارکردن و دەسکەوتی کاری نووسیندا دەنوێنێت، گەڕان بەدوای ڕەشنووسێک، یان یادداشتێکی ونبوو، زۆرجار گێڕەرەوە، یان پاڵەوان ئاشکرای دەکا و دەیدۆزێتەوە، بەم شێوەیە گەمەی نووسین لەنێوان دانەر و وەرگردا دەخاتەڕوو، زاراوەی Mete- Fiction بۆ هەوڵ و داهێنانی ڕۆماننووس و ڕەخنەکاری ئەمریکی «ولیەم غاس» دەگەڕێنێتەوە کە ساڵی ١٩٧٠ بەم شێوەیەی خوارەوە زاراوەکەی شی کردووەتەوە.

Mete میتا، واتای ئەودیو دەگەیەنێت و Fiction واتە خەیاڵکردن «التخیل»، یان ڕۆمان کە خۆی لە زمانێکی وەسفکار و شەرحئامێز و پرۆسەی زەینیدا دەبینێتەوە. کردەی خەیاڵکردنیش بەسەرچاوەی سوبێکت و بەرهەمهێنان لە قەڵەم دەدرێت، هەروەها فازڵ سامر لە لێکۆڵینەوەکەیدا لە پێناسەکردنی میتادەق، یان میتاڕۆمان و میتاگێڕانەوەدا لە دژە خەیاڵ دەدوێت کە دژ بە حەقیقەت و واقیع دەوەستێتەوە وەک «دۆن کیشۆن» کە دژ بە کتێبەکانی سوارچاکی نووسراوە، چونکە میتاگێڕانەوە بایەخێکی ڕاستەوخۆ بە پیشەسازی خودی ئەو ڕۆمانە دەدات کە کاری تێیدا دەکات، دواتر ڕۆمانەکانی هەریەک لە: محەمەد خزەیر، لەتیفە ئەلدلیمی، جەبرا ئیبراهیم جەبرا، فوئاد ئەلتەکرلی، موحسین موسەوی، عەلی بەدر...تاد لە بواری تەکنیک و بنیادی میتاگێڕانەوەدا وەک نموونە دەخاتەڕوو و لە تێما و ڕووداو و هێزی خەیاڵکردن و ئاوێتەبوون و کردەی پێچەوانەکردن دەکۆڵێتەوە، هەروەها خاتوو «حسێنە فەلاح» لە نووسینێکی درێژدا لە هەمان ڕوانگەی «میتاگێڕانەوە» لەژێر ناوی «گوتاری وەسفگەرایی لە ڕۆمانەکانی ئەحلام موستەغانمی» دەکۆڵێتەوە و گوتاری وەسفگەرایی و میتاگێڕانەوە لە ڕۆمانی جەزایریدا بە ئامراز و ستراتیجییەکانی پۆست مۆدێرنە پەیوەست دەکات، لە نووسینەکەدا ئاماژە بۆ ڕۆڵی وەرگر و زمانی وەسفگەرایی لای جیرار جینێت و میتائەدەب و فەزاو دەرکەوتنی دەلالەتەکان لای «ڕۆلان بارت» دەکرێت و پێی وایە میتاگێڕانەوە پێوەندییەکی پەیوەستگەراییە و دەقێک لەگەڵ دەقێکی تر کۆ دەکاتەوە، هاوکات میتاگێڕانەوە پەیوەستییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ خەیاڵ و خەیاڵکردنەوە هەیە، لە ڕۆمانەکانی موستەغانمی دا پرس و بابەتی چۆنیەتی بەرهەم هێنانی بەها ئیبداعییە ڕەخنەییەکان دەخرێتەڕوو، کە پەیوەستن بە زمانی وەسفگەرایی و تیزی پۆست مۆدێرن و چەمکی خەیاڵکردن و ڕۆڵی خوێنەری وەرگر لە بنیادنانی دەق و هەڵوەشاندنەوەی کۆد و دەلالەتە چڕکراوەکان.